# گوڵی زەرد



ئەنوەر موحەمەد ئەحمەد

کەش ئەگەر باش، خراپ، گەرم یان سارد بێت، ئەو هەر بەپایسکیل دێت. ساتێك پایسکیلە خورجە پڕ نامەو بڵاوکراوەکانی دادەنێت، بەهەنگاوە خێراکانییەوە لەم ماڵ دەچێت بۆ ئەو ماڵ. ئەو هەمیشە ئەنگوست بەزۆر زەنگدا دەنێت هەتا دەرگاکە دەکرێتەوە. ئەم لەدوورەوە دەتوانێت تەخمینی بکات، چۆن دەنگە بەسۆزو ئەفسوناوییەکەی ئەو لەهۆڵو رارەوی ماڵەکاندا زایەڵە دەداتەوە کە کەمێك بەدەنگی بەرزو خێرا، هاوار دەکات: (پۆست) ئەو زۆر جاران، بەپاژنەو یانیش بەنووکی پێڵاوەکانی دەرگاکە دەگرێت هەتا دانەخرێتەوە. زۆر دەگمەن بزری پشت دەرگاکان دەبێت، مەگەر پێویست بێت نامەیەکی لۆککراو یانیش پاکەتێکی خێراو گرنگ بەدەستی تەسلیم بکات.

چ دەنگ‌و ئاوازێکی پڕ لەئەفین‌و خۆشەویستییە، ئەو ساتەی هاوار دەکات: (پۆست). دەنگێکی ئافرەتانەی وەها کاریگەر کە پیاو حەیران‌و شەیدای دەبێت. بۆیە ئەم لەو باوەڕیدا بوو کە نەخێر، هیچ ئافرەتێکی دی ناتوانێت، وەها دڵگیرو کارتێکەر وشەی (پۆست) دەرببڕێت. لەو ساتەوەی کە ئەم شەیدای دەنگ‌و شۆخییەکەی ئەو بووە، حەزو مەیلیشی لەڕەنگی زەردە. چونکە ئەو چاکەتێکی ڕەنگ شینی هێڵ زەرد لەبەر دەکات. قژە درێژو زەردە ئاڵتونییەکەشی کە بەسەر شان‌و ملیدا پەخش دەبێتەوە، وێنەیەکی جوان‌و دڵگیری لێدەنەخشێنێت. هەر بۆیەو لەبەر خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو، چاکەتێکی لەو جۆرەی کڕیووە کە ڕەنگە زەردەکەی زۆر تریشە! کاتێکیش ژنەکەی بەسەر سووڕمانەوە لێی پرسی:

(لەکەنگێوە حەزت لەڕەنگی زەردە؟!)

**بەفێڵئامێزی وەڵامیدەدایەوە:**

(هاوسەری ئازیزم!، چ حەزەکان‌و چ مرۆڤ خۆشی، شایانی گۆڕانن. تەنانەت گۆڕانی پەڕگریش!)

(ئێی، وا هەمدیسان دەفەلسەفێنێت! لێ، ئاگاداربە کە هەموو شتێك بەزەرد نەبینیت!) جارێکیش بەهاوکارەکانی خۆیی وت:

(لەدڵەوە ئێرەیی بەخانەنشین، زوو خانەنشین کراوەکان، بێکارو تەنانەت پیاوە نەخۆشەکانیش دەبەم، کە ئیدی بەهەر هۆیەکەوە بێت، دەتوانن لەماڵەوە بمێننەوەو هەموو ڕۆژێك یان گوێیان لەدەنگە بەسۆزو ئەفسوناوییەکەی دەبێت یانیش ڕووخسارە فریشتە ئاساییەکەی دەبینن).

لەسەرەتاوە هاوکارەکانی پێیپێکەنین، ئەوجا بەشێت‌و گەوجیان قەبڵاند کە ڕۆژێك وتی: (نیازم وەهایە کە ئیدی کار نەکەم! هەتا منیش بتوانم لەماڵەوە بمێنمەوە. هەموو ڕۆژێك یان گوێ لەدەنگە بەسۆزەکەی بگرم، یانیش بەبینینی ئەو فریشتەی گەڕەکە شاد بم!).

هاوکارێکی پێیوت: (بەڵێ، خۆشەویستی مرۆڤ کوێر دەکات! دەی خۆ ئەمەی جەنابیشت یەکلایەنەیە!) هاوکارێکی تری بەجەفەنگەوە پێیوت: (شایەد لەبەر ئەوەی دەمنگێنیت، بۆیە ڕوویت پێنادات!) ئیدی وا لەو کاتەوە جارجارە خۆی بەنەخۆش دەنووسێت هەتا بەبینینی ئەو فریشتەی گەڕەکە شاد بێت‌و برێکیش لەتەکیدا بپەیڤێت. بەڵام ئەوەی کە لەم پەیوەندییەدا جێی سەمەرەو سەرسوڕمانە دەربڕین‌و ڕستەکانی ئەم زۆر درێژن‌و وەڵامەکانی ئەو شۆخەیش کورت‌و بەپەلە. کاتێك ریشی پاك تاشیووەو بۆنێکی خۆشیشی لەخۆی داوە، لەسەرخۆ پێیدەڵێت: "بەیانییەکی زۆر خۆشت بۆ دەخوازم، ئەی خانمە بەڕێزەکە) ئەویش زۆر بەپەلە وەڵامدەداتەوە: (بەیانی خۆت باش!) یان لێیدەپرسێت: (نا؟ خانمە بەڕێزەکەم، هەموو شتێك لەکن ئێوە تەواوە؟!) ئەویش تەنیا وەڵامدەداتەوە: (پێویستە" و بەتیلە چاوە کەسکە تۆخەکانی کە دڵ دەبڕێت سەرنجێکی خێرای دەداتێ. ئەو سەرنجە بریسکەی ئازارێکی بەدڵی دەگەیەنێت. ئەگەر کەش ناخۆش بێت، ئەم دەڵێت: (چ کەشێکی بێتاقەتکەرە. بەڕاستی مرۆڤ دەبێت یان لەماڵەوە بمێنێتەوە یانیش بچێتە سینەما..) ئەویش بێئەوەی سەرنجی ئەم بدات وەڵام دەداتەوە: (دەی وەها بکەن!) ئەگەریش کەش خۆش بێت ئەم دەڵێت: (ئەمڕۆ ڕۆژێکی زۆر خۆشە. مرۆڤ دەبێت یان بچێتە سەیران‌و گۆشت برژاندن، یانیش مەلەکردن..) ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: (دە وەها بکەن..؟ بەخودات دەسپێرم..!).

لەسێ هەفتەی گەشتەکەشیداو لەو دووری دوورەوە، هەر بیری لێدەکردەوەو جارجارە خەونی پێوە دەبینی. ئەو ساتەی دەیڕوانییە دەریای سەوزی تۆخ و بریسکەدار دەکەوتە یادی چاوە سەوزە تۆخ و بریقەدارەکانی، شۆخە نامە بەرەکەی گەڕەك. تەنانەت بەیانییەکی زوو کە بەرەو رووی نامەبەرە پیاوەکەی شاری وڵاتی گەشتەکەی بۆوە، بروسکەیەکی خۆشی سەر تاپای گرتەوە. ئەگەرچی ئەو نامەبەرە پیاو بوو و چاکەتی شینی هێڵ زەردی لەبەردا نەبوو! بەڵام لەناخیەوە فریشتەی گەڕەکی لەودا دەدی! وێنەکەی هاتە بەر چاوانی و دەنگە ئەفسوناوییە کارگەرەکەی لەگوێی ئەمدا زایەڵەی دەدایەوە. ئەگەرچی ئەمە تەنیا یادکردنەوە بوو، بەڵام بەوەیش زۆر خۆشحاڵ بوو کە بەخەیاڵ دەیبینێت و دەنگە ئەفسوناوییەکەشی دەبیستێت! کاتێك هاوار دەکات (پۆست).

کە پاشی سێ هەفتەی گەشتەکەیان گەڕانەوە، هاوسەرەکەی رۆیشت و لای دراوسێکەیان، کلیلی پۆست و نامەو رۆژنامەکانی هێنا. کات ئێوارەی رۆژی هەینی بوو. بۆیە بەوە خۆشحاڵ بوو کە سبەینێ شەممەیەو بەبینین و بۆنی فریشتەی گەڕەك شاد دەبێت. تەنانەت نامەو رۆژنامەکان بۆنی ئەویان گرتبوو و ئاسوودەو ئارامی دەکردەوە. ئەوسا هاوسەرو منداڵەکانی سەرگەرمی جانتاکردنەوە بوون لەژوورەکانی دی ئەمیش کەوتە کردنەوەو سەرنجدان و بەکورتی خوێندنەوەی نامەکانی فەرهەنگە جۆراوجۆرەکان. لەڕۆژنامەیەکدا چەند دێڕی خوێندەوە لەو ساتەدا دەتگۆ لەناکاو چەکوشێك بەر ناوچاوانی کەوت. هەستی بەسەرە گێژە کرد و وەك سەری دەرزی لەدڵی هەڵبچەقێنن. ئازارێکی رۆحی گێنگڵی پێداو نیگەرانی کرد. بەڵام هێشتاکە بەو هیوایە بوو، ئەوەی کە خوێندییەوە لەخەون و یان خەیاڵدا بێت. بۆیە ناچار چەند جاری دیشی خوێندەوە. موچڕکە بەلەشیدا هات و هەستی بەسەرما کرد. ئەو کورتە هەواڵە هەتا سەر ئێسقان ژانی پێگەیاند و نیگەرانی کرد: (کچە گەنج و نامەبەرەکەی گەڕەك، بۆتە قوربانی شاڵاوی سێکسیی کەسێك. بارودۆخی دەروونیی خراپ تێکچووە. بۆیە بۆ چارەسەرکردن نێردراوتە کلینیکی تایبەتی) رووخساری خستە سەر هەردوو لەپی دەستەکانی و بۆ ماوەیەکی درێژ چاوەکانی نووقاند. هەموو بیرەوەرییەکانی فریشتەی گەڕەك هاتنەوە پێش چاوە نووقاوەکانی، باڵا شۆخەکەی و رووخسارە فریشتە ئاساکەی. چاکەتە شین و هێڵ زەردەکەی بەری و قژە درێژە ئاڵتونییە پەخش بۆوەکەی بەسەر شان و ملیدا. چاوە سەوزە تۆخە بریسکەدارەکانی و ئەوجا دەنگە بەسۆزە ئەفسوناوییە ژنانییە ناسکەکەی لەگوێیدا زایەڵەی دەدایەوە کە هاواری دەکرد: (پۆست) وشەی پۆست، سەد بارەو هەزار بارە دەبۆوە. لەبەر خۆوە وڕێنەی دەکرد و بیری لەوە دەکردەوە بەچەپکێك گوڵی زەردەوە سەردانی بکات. نەیدەتوانی بەر بەهەستی کپ بووی بورکان ئاسایی ئەم هەموو ماوەیەی خۆشەویستی بێدەنگییەی بگرێت، بۆیە چەند تکە فرمێسك بەسەر روومەتەکانیدا خزانە خوارەوەو بۆ سەرمێزەکە. دەنگی ژنەکەی لەژوورەکەی پەناوە بەئاگای هێنایەوە: (راڵف، دەتوانێت قاوەیەك بکەیت..؟).

بەڕۆژنامەکە تەڕایی سەر مێزەکەی سڕی و وەڵامیداوە: (بەڵێ دەیکەم.. فریشتەکەم..!).